گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مۆنومێنت و هونەری پەیکەرسازیی هاوچەرخ لە عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٩٠[1]

**شیروان عەلی حەمەخان**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق
canshirwan@gmail.com

**زانیارییەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە**
وەرگرتن ٢٠٢٣/١/١٧
پەسەندکردن : ٢٠٢٣/٥/٢٢
بڵاوکردنەوە : هاوین٢٠٢٤

**ووشەسەرەکییەکان**
*Sculptura, Monuments, contemporary art, cultural identity, public space*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.19

**پوختە**

گرنگیدان بەمۆنومێنت لە عێراق لە سەرەتای سەدەی بیست لەگەڵ هاتنی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی دەستپێدەکات، لە دوای ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان، لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لەلایەن گروپە ناسونالستەکانەوە کاریگەری لەروبەری گشتی دا زیاتر دەبێت. تا ساڵانی هەشتاکان بۆ نەوەدەکان مۆنومێنتەکان لە عێراق گەورەترین بوجەیان بۆ تەرخانکراوە لەسەر ئاستی جیهان. ئەم مۆنۆمێنتانە بەهۆی ئامادەبونێکی فیزیای راستەوخۆ لە روبەری گشتی دا، کە بەردەوام نوێنەرایەتی بەهاکانی کۆمەڵگەیان کردوە، بەردەوام لە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی دامەزراوە دەوڵەتیەکانەوە بەرهەمهاتوە. مۆنومێنت لە عێراق زیاتر لە میدێۆمە هونەریەکانی تر هەڵگری ئیشکالیەتە. بەڵام لەناو رەخنە هونەریەکاندا ئەم پەیوەندیە کەمترین دانوستانی لەسەرکراوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی وتارە شارەوەکانی پشت بەرهەمهێنای مۆنومێنت لەنێو پەیکەری هاوچەرخدا لە عێراقدا، هەروەها کردنەوەی دانوستانە لەسەر **دیدە** سەرەکیەکانی نوخبەی رۆشنبیری و سیاسیە لە عێراق لەسەر پرسی ناسنامەی کلتوری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. پێشەکی:

لە سەرەتای دروستبوونی هونەری شێوەکاریدا لە عێراق، دانانی پەیکەر و مۆنومێنت لە ڕووبەری گشتیدا گرنگییەکی تایبەتیی پێ دراوە. هەر لە ساڵانی بیستەوە کە هێشتا هونەری شێوەکاری لە عێراقدا بە تەواوەتی درووست نەبووبوو و پەیکەرسازیی عێراقی لەو ئاستەدا نەبوو، گرنگیدان بە مۆنومێنت سەر هەڵدەدات. بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتاوە پەنا دەبرێتە بەر هونەرمەندی دەرەکی بۆ درووستکردنی چەند مۆنومێنتێک بۆ کەسایەتییە سیاسییە عێراقی و ئینگلیزییەکان.[2] گەشەکردنی هونەری عێراقی لەدوای ساڵانی چل و پەنجاوە و هاتنەوەی چەندان هونەرمەندی عێراقی لە خوێندن لە دەرەوەی وڵات، درووستکردنی پەیکەر و مۆنومێنت لە ڕووبەری گشتیدا زیاتر گەشەی کرد، گرنگیدان بە مۆنومێنت لە ساڵانی شەست و حەفتادا لەژێر کاریگەریی گرووپە باڵادەستە سیاسییەکاندا زیاتر دەبێت تا ساڵانی هەشتا بۆ نەوەد درووستکردنی مۆنومێنت لە لایەن دەوڵەتەوە گەیشتە لووتکەی گەشەکردنی لەو کاتەدا گەورەترین بودجەیان لەسەر ئاستی جیهان بۆ تەرخان کراوە. درووستکردنی مۆنومێنت و پەیکەر لە ڕووبەری گشتیدا لە عێراق لە چەندان شێوازی جیاوازدا نمایش کراون وەک: یادکردنەوەی کەسێک، بۆنەیەک، پاڵەوانەکانی مێژوو، قوربانییەکان و جەنگ، یان وەک بەها و ئایدیاڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک چەمکی نەتەوە، نیشتمان و شەهید و... هتد. ئەم مۆنومێنتانە بە هۆی ئامادەبوونێکی فیزیاییی ڕاستەوخۆ لە ڕووبەری گشتیدا کە بەردەوام نوێنەرایەتیی بەهاکان و ڕێساکانی کۆمەڵگەیان کردووە. هەر وەها زیاتر لە میدیۆمە هونەرییەکانی تر هەڵگری گرفتە، چونکە خەسڵەتی مۆنومێنت لەوەدایە لە نێوان هەموو بابەتەکانی ڕابردوو کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەرکیان پێ دەکرێت و ئامادەیە، لێکتێگەیشتن و پێوەندی درووست بکات. وەک ڕێبەرێک وایە بۆ بونیادنانی

---

[2] ئەگەرچی کولتووری مۆنومێنتی مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەرجەستەکردنی فۆرمی یادەوریی پێش مۆدێرنە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە عێراقدا مۆنومێنت وەک دیاردەیەکی هونەری شێوەکاریی مۆدێرنە لەدوای سەدەی بیستەوە درووست دەبێت، چونکە ئەم دیاردەیە لەگەڵ درووستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن و دەوڵەتی نەتەوەیی لە خۆرئاوا سەر هەڵدەدات کە هەوڵی درووستکردنی ئاگاییی مێژوویی و نەتەوەیی لە کۆمەڵگەدا دەدات. بۆ درووستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، زمانێکی ستاندارد، سیستەمێکی پەروەردەیی، مێژوویی و کولتووریی هاوبەش پێویستە کە ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ ئەو نەتەوەیە درووست بکات. (Graham et al. 2000, 11. ff )

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناسنامەی گشتی. وەزیفەی مۆنومێنت بە شێوەیەکی گشتی لەوەدایە کە مێژوویەک یان ڕووداوێک کە نابێت لە یاد بکرێت، بۆ کۆمەڵگە بەرجەستە بکات و بیکاتە بەشێک لە بیرەوەریی گشتی. ئەم خەسڵەتانەی مۆنومێنت وای کردووە کە مۆنومێنت بەردەوام لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە بەرهەم بێت.

### 1.2کێشەی توێژینەوە:

گرنگیدان بە مۆنومێنت لە عێراق لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەست پێ دەکات و لەدوای ساڵانی شەست و حەفتاوە لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لە لایەن گرووپە ناسیۆنالیستەکانەوە کاریگەریی لە ڕووبەری گشتیدا زیاتر دەبێت. تا ساڵانی هەشتا بۆ نەوەد مۆنومێنتەکان لە عێراق گەورەترین بودجەیان لەسەر ئاستی جیهان بۆ تەرخان کراوە. ئەم مۆنومێنتانە بە هۆی ئامادەبوونێکی فیزیاییی ڕاستەوخۆ لە ڕووبەری گشتیدا کە بەردەوام نوێنەرایەتیی بەهاکانی کۆمەڵگەیان کردووە، زیاتر لە میدێۆمە هونەرییەکانی تر هەڵگری گرفتە. دروستکردنی مۆنومێنت لە عێراق بەردەوام لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا بەرهەم هاتووە. بەڵام لەناو ڕەخنە هونەرییەکاندا ئەم پێوەندییە کەمترین دانوستاندنی لەسەر کراوە.

### 1.3 ئامانجی توێژینەوە:

دەرخستنی وتارە شاراوەکانی پشت بەرهەمهێنانی مۆنومێنت لەنێو پەیکەری هاوچەرخدا لە عێراقدا، هەروەها کردنەوەی دانوستاندن لەسەر  ئامانجە سەرەکییەکانی  نوخبەی ڕۆشنبیری و سیاسییە لە عێراق لەسەر پرسی ناسنامەی کولتووری و نەتەوەیی.

### 1.4 میتۆدی توێژینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی-شیکاری بە کار دەهێنین.

### 1.5 پێناسەی زاراوەکان:

پەیکەر: لە زمانی لاتینیدا وشەی پەیکەر دەکرێت لە دوو سەرچاوەی زمانەوانییەوە پێناسە بکرێت، یەکەمیان (پەیکەرتاشی: Sculpture) لە وشەیەکی لاتینی (sculptura)ـەوە هاتووە. ئەم وشەیە زیاتر بۆ هەڵکۆڵین لەسەر بەرد یان دار بە کار هاتووە. دووەمیان (پلاستیک: Plastic)  ئەویش بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیکەر (پەیکەرسازی) بە کار دێت. لە لاتینیدا لە وشەی plastikē [téchnē] هاتووە، زیاتر بۆ ئەو فۆرمانە لە پەیکەر بە کار هاتووە کە درووست کراون لە قوڕ یان گەچ. لە سەرچاوەی وشەکانەوە دەردەکەوێت کە ئەم دوو وشەیە دوو دیدی جیاوازن لە بەرهەمهێنانی پەیکەردا. لە کاتێکدا sculpture مامەڵەکردنێکە لەگەڵ ماتریاڵی ڕق، پڕۆسەی کارکردنی لابردنە subtaktive، لە دەرەوە بەرەو ناوەوە کار دەکات. بەڵام لە plastic مامەڵەکردنە لەگەڵ ماتریاڵی نەرم، پڕۆسەی کارکرنەکەی زیادکردنە additivs لە ناوەوە بەرەو دەرەوە کار دەکات. (Alsher, 1993, P.634)

هاوچەرخ: چەمکی هاوچەرخ لە هونەری شێوەکاریدا contemporary art (هونەری ئێستا) بە شێوەیەکی گشتی زیاتر بەو شێوازە هونەرییانە دەوترێت کە لەدوای ساڵانی شەستەوە دەرکەوتن. لەگەڵ ئەوەی هونەری هاوچەرخ پێوەندیی بە ستایڵ و ماتریاڵی کاری هونەرییەوە نییە و خۆیشی بە ستایڵێکی یان کۆنسێپتێکی هونەرییەوە نابەستێتەوە، چونکە هونەری هاوچەرخ دەکرێک وێنەکێشان، پەیکەر، هێڵکاری یان گرافیک بێت. بەڵام ئەم وشەیە لە ئێستادا دەدرێتە پاڵ چەند شێوازێک لە کاری هونەریی وەک: فۆتۆگرافی، ڤیدیۆ، کۆنسێپت ئارت، پێرفۆرمانس، ئینستەڵەیشن. DuMonts, (2002, P. 49)

مۆنومێنت: فۆرمێکی سێڕەهەندییە لە ڕووبەری گشتیدا دادەنرێت بۆ یادکردنەوەی ڕووداوێک یان کەسایەتییەک. مۆنومێنتی هاوچەرخ لە کولتووری خۆرئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ڕێنێسانس و لەوێیشەوە بۆ ئەنتیکی کۆن کە زیاتر لە پێنج سەدە پێش زایین پەیکەر و مۆنومێنت بۆ کەسایەتی و پاڵەوانە مێژووییەکان درووست کراوە. لە ئەنتیکی کۆندا یادکردنەوە بە تەنها بۆ خوداکان نەبووە، بەڵکوو بۆ ڕووداوە ئایدیاڵەکان و کەسە ئازاکان بووە. (Hölscher, 2001,P.208)

## 2.1 بارودۆخی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی ١٩٢١ لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی لە ١٩٢١دا وەک دەوڵەتێکی ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بەریتانیا، پرسی ناسنامە دەبێتە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی ناو نێوەندە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان، چونکە پڕۆسەی کۆلۆنیالیزم لەگەڵ خۆیدا ناسنامەیەکی نوێی بۆ دەوڵەتی عێراقی بونیاد نا، ئەویش عێراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی سوننی پێناسە دەکات. ئەم ناسنامە نوێیە دیدێکی گشتگیر (پلوراڵیزم)ـی بۆ دەوڵەتی عێراقی درووست کرد کە لەگەڵێدا کەمایەتییە کولتوورییەکان پەراوێز خران. ئەم دیدە گشتگیرە لە دواییدا لە لایەن هزرە ناسیۆنالیستی و چەپەکانەوە گەشەی پێ درا، لە هەمان کاتدا ئەم

دیدە گشتگیرە هەر لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەوە لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە پارێزگاریی لێ دەکرا، چونکە خۆی بناغەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە ناوچەکەدا نەبووە.

لەدوای هاتنی کۆلۆنیالیزمەوە کاریگەریی کولتووری مۆدێرنەی خۆرئاوا و ئاشنابوونی ڕۆشنبیرانی عێراقی بە هزری ناسیۆنالیزمی خۆرئاوایی، دۆخێکی ئەرێنیی خولقاند بۆ دروستبوونی چەندان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی وەک هزری پان-عەرەبەکان کە ئەمانیش بەردەوامی بە بیرۆکەی بونیادنانی دیدێکی پلۆڕالیستی دەوڵەتی عێراقی کە لە لایەن کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزییەوە دانرابوو، دەدەن. دەبێت ئەم هەوڵانە لەناو سیاقی درووستبوونی بزووتنەوە سیاسییەکانی وڵاتە عەرەبییەکانیشدا ببینینەوە، چونکە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆر لە وڵاتە عەرەبییەکان لە ڕێگەی هزری مۆدێرنە و بزووتنەوەی تازەگەرێتییەوە درووست دەبێت کە بە (نهضة: ڕێنێسانس) ناو دەبرێت. هەوڵەکان خۆیان لەوەدا دەبینییەوە کە کولتووری خۆیان بە پرۆسەی مۆدێرنەوە ببەستنەوە. ئەکتەرەکانی ئەم بزووتنەوانە هەوڵیان دا کە کولتووری ئیسلامی و عەرەبی زیندوو بکەنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کولتووری مۆدێرنەدا، هەر وەها هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ئەم کولتوورە نوێیەوە بەرانبەر کولتووری مۆدێرنە بوەستنەوە. (Schellenberg, 2018, P.54)

کۆلۆنیالیزم لە عێراق لەگەڵ خۆیدا پرۆسەی مۆدێرنە دێنێت کە گۆڕانکاری لە سیستەمی ئابووری، سەربازی، تەکنۆلۆجی و پەروەردەی سیکۆلار (علمانی)دا دەکات. ئەم دۆخە نوێیە لەدوای سەدەی بیستەوە نوخبەیەکی ڕۆشنبیریی درووست کرد کە لەژێر ئاراستە هزرییەکانی کولتووری مۆدێرنەدا بیریان دەکردەوە. لێرەوە چەندان بزووتنەوەی سیاسیی وەک ناسیۆنالیزم، لیبڕالیزم، سیکولاریزم و سۆسیالیزم دەبێت لەگەڵ چەندان هزری تێکەڵەی وەک ئیسلامی ڕیفۆرمخواز.

گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو چینە ڕۆشنبیرییەکاندا لەژێر کاریگەریی هزری مۆدێرنەدا هۆکارێک بوو بۆ درووستبوونی هزری ناسیونالیزم لە ناوچەکە و لە عێراقدا وەک پەرچەکردارێک دژی کۆلۆنیالیزم خۆی ناساند. بە شێوەیەکی گشتی هزری ناسیۆنالیستی لەدوای ساڵانی سیبەوە دەستیان بەسەر ئاڕاستە ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان لە عێراقدا گرت. زۆر لە ڕۆشنبیرەکان وەک پەرچەکردارێك دژی هزری ڕاشنالیزمی مۆدێرنە ڕوو دەکەنە تێکستە ئیسلامییەکان و زۆر لە ڕۆشنبیرە عەرەبەکان زیاتر لە بیرۆکەی ئاوتۆریتێ، کۆلەکتیڤی و هزری فاشیستی نزیک دەبوونەوە. (Schellenberg, 2018, P.59)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.2 قۆناغی ١٩٢١-١٩٥٠: سەرەتاکانی درووستبوونی هونەری شێوەکاری لە عێراق

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عیراق لە ساڵی ١٩٢١دا دەبوایە هەموو دامەزراوە دەوڵەتییەکان سەرلەنوێ دابمەزرێنەوە، لەوانەیش دامەزراوە هونەری و کولتوورییەکان بوو. دیارە درووستکردنی ئەم دامەزراوانە دەبوایە لە خزمەت بیرۆکەی دەوڵەتی عیراقی و لە پێناو بونیادنانی پێناسەی دەوڵەتی عیراقی نوێدا بێت، لەسەر ئاستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری. لەم بارودۆخە نوێیەی دەوڵەتی عێراقدا هونەری شێوەکاری سەر هەڵدەدات.

لە سەرەتای هاتنی ئینگلیزەکانەوە و لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی، گرنگیدان بە پەیکەر و مۆنومێنت سەر هەڵدەدات. لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا پەیکەرساز لە عێراقدا لەو ئاستەدا نەبووە کە ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکات، لە لایەن دامەزراوە حوکوومییەکانەوە پەیکەرساز بە فەرمی لە دەرەوەی وڵاتەوە بانگهێشتن دەکرێت. یەکێک لەو پەیکەرسازانە هونەرمەندی ئیتاڵی بیاترو کانوونیکا بوو. ڕاپانسپارد تا چەند پەیکەرێک لە عێراق درووست بکات. لە ساڵی ١٩٢٣ پەیکەری جەنڕاڵ مود، ساڵی ١٩٣٣ پەیکەری سەرۆکوەزیران موحسین سەعدوون هەروەها لە ساڵی ١٩٣٤ پەیکەری فەیسەڵی یەکەمی درووست کرد. (وێنەی ژمارە ١)

درووستبوونی هونەری پەیکەرسازی لە عێراقدا وەک هونەری شێوەکاری بە گشتی، گەشەکردنێکی خۆڕسکی نەبووە کە پەیوەندیی بە مێژووی هونەری شێوەکاریی کۆنی ناوچەکەوە هەبێت، بەڵکوو هونەرێک بوو لە لایەن چەند نوخبەیەکی تایبەتەوە درووست بوون لەناو دامەزراوە حوکوومییەکاندا کە بەشێک نەبوون لە واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووریی وڵاتی عیراق. (مەحموود، ٢٠١٧، ل١٢)



وێنەی ژمارە ١
بییترو کانونیکا، پەیکەری مەلیک فیصل یەکەم ١٩٣٤، برۆنز، بەغداد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ ئەوەی سالآنی سی چەند ئەزموونێکی هونەریی تاکەکەس و جیاواز هەبووە، زیاتر بە ئاڕاستەی دروووستکردنی بنەما ئێستێتیکییەکانیان کاریان دەکرد. "ماوەی نێوان سالآنی ١٩٣١ بۆ ١٩٤١ (...) چەندان هونەرمەندی عیراقی بەهرەمەند هەبوون، بەڵام ئەم هەوڵانە ئامانجێکی وایان نەدا بە دەستەوە بۆ دروستبوونی ناسنامەی هونەری عیراقی و عەرەبی لە کاری هونەریدا. ئەوەی پێی گەیشتبوون شێوازێک بوو کە پابەند بوون بە دووبارە لاساییکردنەوەی سروشتەوە بۆ شتێکی بابەتی، لەگەڵ ئەوەی توانای ئەوەیان هەیە بە شێوازی هاوچەرخ گوزارشت بکەن. بەڵام هێشتا ئاستێکی پێویستی نەبوو بۆ وێناکردنی ناسنامەی شارستانیی عەرەبی لە کاری هونەریدا." (ئالسەعید، ١٩٨٣، ل.٨٢) لەدوای سالآنی سییەوە بارودۆخی سیاسی لە عێراق زیاتر هەڵوێستی دژەکۆلۆنیالیزمی ئینگلیز وەردەگرت. ئەم دۆخە کاریگەریی بەسەر دروووستبوونی ڕەهەندێکی هونەریی نەتەوەییەوە هەبووە بۆ بەگژداچوونەوەی کولتووری کۆلۆنیالیزم. لێرەوە هەوڵی دروووستکردنی بزووتنەوەیەکی کولتووری و هونەری دەدرا کە لەناو شارستانیی عێراق خۆیەوە گەشەی سەندبێت. (مەکیە، ٢٠٠٤، ل٢٣٦) وەک پەرچەکردارێک بەرانبەر کاریگەریی کولتووری کۆلۆنیالیزم بەسەر کۆی کولتوور و کۆمەڵگەی عێراق و عەرەبییەوە.

لە کۆتاییی سالآنی سی (ساڵی ١٩٣٨) کەسایەتیی (ساطع الحصری) دەبێت بە بەڕێوەبەری شوێنەوار لە بەغداد. ئەم کەسایەتییە ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستبوونی ڕەهەندی هونەری هاوچەرخی عێراقدا دەبینێت. حوسەری لە سەرەتاوە سەرنجی هونەرمەندە گەنجەکانی بۆ مۆزەخانەی کۆنی عێراقی ڕاکێشا. دەیویست هونەرمەندەکان تەنها لەژێر کاریگەریی هونەری مۆدێرنەی خۆرئاوادا نەبن، بەڵکوو بە هونەری کۆنی عێراقی و ئیسلامی ئاشنا بن. حوسەری هەوڵی دەدا فۆرمێکی نوێ بۆ پەروەردەی گشتی لە عێراق بونیاد بنێت، ئەو پەیوەندییە ونبووە هەزارانساڵەی نێوان ئێستای عێراق و مێسۆپۆتامیا بدۆزێتەوە. (Baram,1991, p.27) دەیویست لەوە زیاتر هەنگاو بنێت تا ناسنامەیەکی عێراقی دروووست بکات کە لە هەناویدا ناسنامەیەکی عەرەبی سوننی هەبێت. (مەحموود، ٢٠١٢، ل.١٣٩)

حوسەری هەوڵی ناردنەدەرەوەی هونەرمەندان دەدات بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات. لە کۆتاییی سالآنی سیدا یەکەم گرووپی خوێندنی هونەری شێوەکاری بۆ دەرەوەی وڵات دەستی پێ کرد. لەوانە: هونەرمەند ئەکرەم شوکری، جەوواد سەلیم لە ساڵی ١٩٣١ دەچن بۆ بەریتانیا و ئیتاڵیا، هونەرمەند فایەق حەسەن دەچێت بۆ فەرەنسا. (مەحموود، ٢٠١٧، ل.٥١). بە گەڕانەوەی ئەم هونەرمەندانە لە ساڵی ١٩٣٩ پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە بەغداد دادەمەزرێنن. "لەدوای گەڕانەوەی هونەرمەندەکان دوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەواوبوونیان لە خوێندنی هونەر، لە نێوانیاندا خوێندکارەکانی ساطیع ئەلحەسری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانیان دامەزراند کە لە سەرەتادا لە دوو بەش پێک هاتبوو: وێنەکێشان و پەیکەرسازی. هەردوو هونەرمەند جەوواد سەلیم و فایەق حەسەن ڕۆڵی کاریگەریان لە بونیادنانی بناغەی هونەری نەتەوەییدا هەبوو." (الموصلي، ٢٠٠٥) ئەم نەوەیە لە هونەرمەندان هەوڵی تێگەیشتن و تێکەڵکردنی شارستانیی ئەورووپی و شارستانیی عەرەبیان دەدا بۆ دۆزینەوەی سیمای تایبەتیی هونەری عێراقی. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین لە سەرەتای درووستبوونی هونەری شێوەکارییەوە لەدوای سالانی چلەوە هونەرێکی نوخبەوی سەر هەڵدەدات کە هەوڵ دەدات هونەری شێوەکاری لە خاڵی سەرەتا (سفر)ەوە بونیاد بنێتەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بنەماکانی هونەری شێوەکاری لە عێراقدا هونەرێکی درووستکراو بوو نەک هونەرێک لەناو سیاقی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کولتووریی ناوچەکەدا درووست بووبێت. هونەرێکە کە ڕیالیتییەکی نوێ درووست دەکات، نەک ئەم هونەرە لەناو بەردەوامیی مێژووی ڕیالیتیی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە درووست بووبێت. ئەم هەوڵانە بە شێوەیەک خۆیان سەپاند کە گوزارشتیان لە واقیعی بابەتییانەی ئەو کاتەی کۆمەڵگەی عێراقی نەدەکرد، بەڵکوو گوزارشتیان لە واقیعێکی سیاسیی تازە دەکرد، هاوکاریی درووستبوونی ئاڕاستە سەرەتاییەکانی بونیادنانی دەوڵەتی تازەی عێراقی دەکرد، (مەحموود، ٢٠١٧، ل.١١) ئەم دیدە نوخبەوییە هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی گرنگ لە درووستکردنی ناسنامەی هونەری نەتەوەییی دەوڵەتی عیراق لە داهاتوودا دەبینێت.[3] ئەم هەوڵانەیش زیاتر لەناو هونەری پەیکەر و مۆنومێنتدا بەرجەستە بوون.

[3] پرسی گەڕانەوە بۆ ترادیشن، پرسێکی هونەری شێوەکاریی مۆدێرنەیە لە خۆرئاوا. ئەم پرسە یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی هونەری شێوەکاریی خۆرئاوا لەدوای سەدەی بیستەوە. بەڵام لە عێراقدا ترادیشنی هونەری شێوەکاری نەبوو، وەک لە کولتووری خۆرئاوادا هەیە، کە بەردەوام لە یۆنانەوە تا هونەری مۆدێرنە بەردەوامیی بە خۆی داوە، بۆیە لەدوای سالانی چلەوە هونەری شێوەکاری لە عێراقدا لە یەک کاتدا دیدی بۆ هونەری ترادیشن و مۆدێرنیش درووست دەبێت، چونکە بۆ ئەوە هونەری مۆدێرن لەگەڵ ترادیشندا تێکەڵ بکەن، پێویستیان بەوە بوو لە سەرەتادا ترادیشنیش درووست بکەن. ئەم هەوڵانەی درووستکردنی هونەری شێوەکاری لە عێراق بە ئاڕاستەیەک هەنگاوی دەنا کە هونەری شێوەکاریی زیاتر بە ناوەرۆکی خودی هونەری شێوەکارییەوە خەریک نەبووە. ئەوەندەی خۆی لە هونەرێکی گوتارئامێزدا دەبینییەوە، ئەوەندە هونەرێکی بینەیی نەبوو، چونکە هونەری شێوەکاری وەزیفەیەکی تایبەتیی هەبوو بۆ درووستکردنی هونەرێکی عێراقیی نوێ کە بتوانێت نمایشی ناسنامەی نەتەوەی عیراقی نوێ بکات.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2.3 قۆناغی ١٩٥١-١٩٥٨ پرسی ناسنامە لە هونەری شێوەکاری عێراقیدا

لەدوای ساڵانی پەنجاوە سێ گرووپی سەرەکی لە عیراقدا درووست دەبن کە کاریگەریی خۆیان لەسەر داهاتووی هونەری شێوەکاریی عیراق بە جێ دەهێڵن. کۆمەڵەی (الرواد) ساڵی ١٩٥٠ فایەق حەسەن سەرۆکایەتیی دەکرد؛ (کۆمەڵەی بەغداد بۆ هونەری هاوچەرخ) ساڵی ١٩٥١ جەوواد سەلیم سەرۆکایەتیی دەکرد و گرووپی (ئینطیباعییەکان) ساڵی ١٩٥٣ حافز ئەلدروبی سەرۆکایەتیی دەکرد. (جبرا، ١٩٨٦، ل.١٠) ئەگەر گرووپی ڕەواد و گرووپی ئینطیباعییەکان زیاتر لەسەر ئەزموونی هەستی لەناو کاری هونەریدا کاریان کردبێت، ئەوا (کۆمەڵەی بەغداد بۆ هونەری هاوچەرخ) زیاتر لەسەر لایەنی هزری و هۆشی نەتەوەیی و یەکسانی کاریان دەکرد. ئەمان هەوڵی درووستکردنی وتارێکی گشتییان دەدا، هەروەها هەوڵی ئامادەکردنی بیرۆکە و مەنهەجی کاری هونەرییان دەدا بۆ دەستنیشانکردنی دیدێکی دەستەجەمعیی هونەری، گەڕان بەدوای سیمای شارستانی عەرەبی کە لەناویدا هونەری عێراقی بێت، بۆ نموونە کاری جەوواد سەلیم (بالبناء) کە وەک پەیکەری ئاشووریی کۆن درووست کراوە، بەڵام سەروسیمایەکی عەرەبیی تێ کردووە. (ال سەعید،١٩٨٣، ل.١٥٣)

لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵەی بەغداد بۆ هونەری هاوچەرخ دیسکۆرسەکانی هونەری شێوەکاری زیاتر بەرەو دیدێکی گشتی بۆ هونەر هەنگاوی دەنا، بە شێوەیەکی گشتی لەسەر دوو بنەما کاری دەکرد. یەکەمیان بنەماکانی هونەری شێوەکاریی خۆرئاوا، ئەوی تریان گەڕانەوە بۆ ترادیشنی هونەری عێراقی و عەرەبی لە ڕێگەی دۆزینەوەی مۆتیڤ و قارەمانی میللی.

درووستکردنی گوتاری گشتی لای کۆمەڵەی بەغداد بۆ هونەری هاوچەرخ وەک هەڵوێستێکی ڕۆشنبیری و شارستانیی هونەرمەندی عێراقی بەرانبەر دەسەڵاتی دەرەکی لە عێراق دەبینرا، بۆیە ئەم وتارە گشتییە دەبێت پێوەندیی قووڵی بە مێژوو و ڕەچەڵەکی کۆنەوە لە شارستانیی عێراقیدا هەبێت.

کۆمەڵەی بەغداد بۆ هونەری هاوچەرخ هەنگاوێکی جیاوازیان لە گرووپە هونەرییەکانی پێش خۆیان نا، ئەمان بە دوای سیمای کەسایەتیی شارستانیی نەتەوەییدا لەناو هونەری شێوەکاریدا دەگەڕان؛ بەردەوام هەوڵی درووستکردنی فۆرمێکی هونەرییان لەناو شارستانیی عێراقی و عەرەبیدا دەدا. وەک لە وتارەکەی جەوواد سەلیمدا باسی دەکات: "بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پێوەندییەی کە لە هونەری نیگارکێشانی واستی سەدەی سیانزەدا هەبووە، لێرەوە ئەو پێوەندییە دەدۆزینەوە کە لەدوای کەوتنی بەغداد لەسەر دەستی مەغۆلەکان کراوە." (ئالسەعید، ١٩٨٣، ل.١٦٥)

دەکرێت بڵێین هونەری شێوەکاریی عێراقی لەدوای درووستبوونی کۆمەڵەی بەغداد بۆ هونەری هاوچەرخ لە ساڵی ١٩٥١ بە شێوەیەکی ئاشکرا بناغەی هونەری عێراقی و دیدە ئایدۆلۆژییەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستنیشان دەکرێت. ئەمان هەوڵیان دەدا هەستێکی دەستەجەمعی شارستانی بۆ هونەر و بینەری عێراقی و عەرەبی دروووست بکەن و سیمبوڵی گشتی (هۆموگین)ـی نەتەوایەتی دروووست بکەن کە کۆمەڵگەی عێراقی خۆی پێ بناسێتەوە و لە ڕێگەی ئەم سیمبوڵ و بەهایانەوە ناسنامەی هونەری عێراقی و عەرەبی دروووست بکەن.[4]

دەبێت لێرەدا باسی ئەوە بکرێت کاتێ ئەم هونەرمەندانە هەوڵ دەدەن موفرەداتی ڕۆشنبیرییەکی بینەیی تازە دروووست بکەن، بە شێوەیەکی زۆر ڕووکەش بووە، لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی مۆتیڤی دێرین و مێژوویی بۆ دروووستکردنی ڕۆشنبیرییەکی بینەیی تازە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە. بۆ نموونە ئەو هەوڵانەی هونەری مۆدێرنە بۆ دروووستکردنی ناسنامەی هونەری خۆرئاوا لە سیاقی مێژوویی کۆمەڵگەی عێراقیدا زۆر جیاوازن. لە لایەکەوە کۆمەڵگەی عێراقی کولتوورێکی بینەیی جیاوازی لە کۆمەڵگەی خۆرئاوادا هەیە. لەو کاتەی کە هونەرمەندە عێراقییەکان دەیانویست ڕۆشنبیرییەکی بینەیی عەرەبی دروووست بکەن، خودی کولتووری عێراقی و عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی زۆر لاواز بوو لە ڕۆشنبیریی بینەیی، هەروەها ترادیشنێکی ئەوتۆی نییە، بە بەراورد بە ڕۆشنبیری بینەیی لە کولتووری خۆرئاوادا. (لەعیبی، ٢٠٠١، ل.١٢٤)

## تەوەری دووەم:

### 3.1 قۆناغی ١٩٥٨-١٩٦٨ هونەری شێوەکاری لە دوای دامەزراندنی کۆماری عێراق

لەدوای شۆڕشی ١٩٥٨وە دۆخێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە عیراقدا سەر هەڵدەدات کە کاریگەریی بەسەر هەموو کایەی کولتووری و هونەریی عیراقەوە هەبوو. لەدوای کوودەتای عەبدوالکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ گەشەکردنی هەستی شۆڕشگێڕی لە ڕووبەری گشتیدا کۆمەڵگەی

---

[4] دەبێت ئەم هەوڵانە لەناو سیاقی ئاستی مەعریفیی هونەرمەندەکانی ئەو کاتەی عێراقدا بخوێنینەوە، جگە لە ڕۆشنبیرێکی بینەیی، ڕۆشنبیرێکی تیۆریی هونەریان لەسەر هونەری شێوەکاریی خۆرئاوا نەبووە. لە لایەکی تریشەوە لەم ساڵانەدا هونەرمەندە عێراقییەکان هەوڵیان دەدا لە هونەری ئیسلامی نزیک ببنەوە. بەڵام ئەو نزیکبوونەوەیەش لە ڕێگەی کتێبی خۆرهەڵاتناسەکانەوە هونەرمەندە عێراقییەکان زانیارییان لەسەر هونەری ئیسلامی دەست دەکەوت و بە وێنەکان ئاشنا دەبوون. بە شێوەیەکی تر گەڕانەوەی هونەرمەندە عێراقییەکان بۆ ناو مێژووی بینەیی هونەری ترادیشنی خۆیشیان هەر لە ڕێگەی کولتووری خۆرئاواوە بوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراقی بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەبێت. یەکەمیان ڕێبازی کۆمەڵایەتی و هەستی سۆسیالستییە پێشکەوتووخوازەکان، ئەوی تریان ڕێبازی ڕۆشنبیریی شارستانیی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستەکانە. (ئالسەعید، ١٩٨٣، ل.١٣٤)

دیارە بنەما سۆسیالستییەکەی شۆڕشی ٥٨ کاریگەریی بەسەر کۆی تێڕامانی هونەرمەند و ڕۆشنبیرانیشەوە هەبووە کە هەموو سەرنجەکان بۆ سەر چینی هەژار و کۆمەڵگە بوو. ئەم دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نوێیە کاریگەریی بەسەر دیدی هونەری شێوەکاری لە عێراق هەبوو کە لە دیدێکی نوخبەییەوە گواستییەوە بۆ دیدێکی میللی. (مەحموود، ٢٠١٧، ل.٢٢)

لەم دۆخە سیاسی و شۆڕشگێڕییەی کە لەسەر هەستێکی شۆڕشگێڕانەی خەباتی چینی هەژاران دژی نوخبەی باڵادەست بونیاد نرابوو، لەناو هونەری شێوەکارییشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە. هونەرمەندەکان لەناو سیاقی ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە ئایدۆلۆجییانەدا کاریان کردووە. لە ساڵی ١٩٥٨ بە بۆنەی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کۆماری لە عێراق (پێشانگەی شۆڕش) دەکرێتەوە. هەر لەو ساڵەدا داواکارییەک لە هونەرمەند جەوواد سەلیم دەکرێت کە (مۆنومێنتی ئازادی) درووست بکات (وێنەی ژمارە ٢) و لە ساڵی ١٩٦١دا تەواو دەبێت. (مەحموود، ٢٠١٧، ل.٢٣) ئەم پەیکەرە بۆ یادی چواردەی تەمووز درووست کرا (دواتر بە مۆنومێنتی ئازادی: نسب الحرية) ناسرا و لە (مەیدانی ئازادی: ساحة التحرير) لە ناوەڕاستی بەغداددا جێگیر کرا. ئەم پەیکەرە لە ڕیلیفێکی برۆنز لەسەر دیوارێکی کۆنکرێتی بە بەرزیی دە مەتر و درێژیی پەنجا مەتر پێک دێت. مۆنومێنتی ئازادی وەک هونەرێکی تەواو عێراقی خۆی ناساند کە کۆی ئەلیمێنتەکانی کولتووری مێسۆپۆتامیایی و ئیسلامی و مۆدێرنەی خۆرئاوای بە شێوازێکی کوبستی و ڕیالیزمی سۆسیالیستی پێکەوە بەستبووەوە. (Baram, 1991, P.70) لە کۆتاییی ساڵانی پەنجاوە چەندان پەیکەر و مۆنومێنت لە بەغداد درووست دەکرێن. ساڵی ١٩٥٩ مۆنومێنتی (سەربازی ون) لە لایەن تەلارساز ڕەفعەت ئەلجادرییەوە درووست کرا کە فۆرمەکەی لە مۆتیفێکی لۆکاڵییەوە وەردەگیرێت. هونەرمەند خالید ڕەححال لە ساڵی ١٩٦١ پەیکەری (دایکایەتی) درووست دەکات و لە ساڵانی دواییشدا پەیکەری سەرۆکوەزیران عەبدولکەریم قاسم. هونەرمەند فایەق حەسەن دیوارەبەندی (١٤ی تەمووز) لە ساڵی ١٩٦٣ درووست دەکات. هەروەها مۆنومێنتی ١٤ی تەمووز لە ساڵی ١٩٦٣ لە لایەن هونەرمەند میران ئەلسەعدییەوە دادەنرێت. لە کۆتاییی ساڵانی شەستدا دەست بە درووستکردنی چەند پەیکەرێکی کەسایەتییە مێژووییەکانی عەرەبی کرا. لە ساڵی ١٩٦٨ لەسەر کۆرنیشی مەسبەح لە شاری بەغداد (پەیکەری *الرازي*، هونەرمەند صاڵح عەبدولکەریم ئەلقەرەغولی؛ پەیکەری *المنصور* لە لایەن موحەممەد غەنی حیکمەت؛ پەیکەری *الكندي* هونەرمەند

موحەممەد حوسنی؛ *الفراهیدی*، پەیکەرتاش میران سەعدی و *المتنبی* لە لایەن پەیکەرتاش عەبدولکەریم ئەلگەیلانی)یەوە دادەنرێن.



وێنەی ژمارە ٢

جواد سلیم، مونومێنی ئازادی ١٩٦١

هونەری شێوەکاری دوای ساڵانی شەست لەدوای مۆنومێنتی ئازادیی هونەرمەند جەوواد سەلیم زیاتر لە هونەرێکی سیاسی ئاڕاستەکراو نزیک دەبێتەوە کە لە خزمەتی دید و فەنتازیای شورشدا هونەر بەرهەم دەهێنێت "هونەر لێرەوە ماڵئاواییی لە نمایشکردنی نوخبەوی کرد و زەمیلەی شۆڕشی هەڵگرت. هەر خویندنەوەیەک بۆ مۆنومێنتی ئازادی ئاماژەیە بە پێگە ناوەرۆکییەکەی. ئەم نمایشە لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەخوێنرێتەوە. وەک گوتارێک ئاماژە بە مرۆڤێکی نەخوێندەوار دەکات کە دەیەوێت فێری خوێندنەوە بێت، لە کاتێکدا خودی فۆرم پابەند نییە بە ڕێساکانی خوێندنەوەوە، ئەم کۆدانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە بەسیاسیبوونی هونەر دەکەن." (مەحموود، ٢٠١٧، ل.٢٣)

### 3.2 قۆناغی ١٩٦٨-١٩٩٠ هونەر وەک ئامرازێک بۆ پرۆپاگەندەی سیاسی

لە دوای هاتنی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ و هەوڵدانی بۆ دروستکردنی وتاری گشتیی نەتەوایەتی، ئاڕاستەکانی کولتوور و هونەری بە شێوازێک گۆڕی کە لەدوای ساڵانی حەفتاوە ئەم هەوڵە بۆ دroووستکردنی وتاری گشتیی نەتەوایەتی بوو. کاریگەریی حیزبی بەعس لەسەر کۆی کولتوور و هونەر بەو ئاڕاستەیە بوو کە دۆخێکیان بۆ هونەرمەندان درووست کرد کە لە پێناو قەزیەیەک و گوتارێکی گشتیدا (پرۆپاگەندە) کار بکەن بۆ ئامانجێکی تایبەتی و هەڵگری وتارێکی شۆڕشگێرانە و نەتەوەیی و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئایدۆلۆژی.[5] بۆ ئەم مەبەستە لەدوای ساڵانی حەفتاوە زیاتر ئەو هونەرمەندانە گرنگییان پێ دەدرێت کە لەناو کۆمەڵەی بەغداد بۆ هونەری هاوچەرخ درووست بوون و گرنگییان بە سیمبوڵەکانی نەتەوەی عەرەبی و ئیسلام و پاڵەوانە کۆنەکانی مێسۆپۆتامیا دەدا. هەر ئەم هونەرمەندانە لەدوای ساڵانی هەشتاوە ڕۆڵێکی گەورە لە بونیادنانی هونەر لە سەردەمی بەعسدا دەبینن.

حیزبی بەعس لەدوای ساڵانی هەشتاوە بە ڕاشکاوی بانگەشەی هزری نەتەوەی عەرەبیی دەکرد. [6] لێرەدا کەلەپووری وەک بڕوابەخۆبوون و لە هەمان کاتدا وەک چەکێک دژی داگیرکاری سەیر دەکرد. (مەکیە، ٢٠٠٤، ل.١٤٣) گەڕانەوە بۆ کەلەپووری عەرەبی و ئیسلامی کە لە سەردەمی حیزبی بەعسدا وەک (دژە-ئەوانی تر) دوژمنەکانی بە کار دەهات یان دژی کاریگەرییە بیانییەکان بەسەر ترادیشنی کولتووری عەرەبییەوە.[7]

لەدوای ساڵانی هەشتاوە حیزبی بەعس هەوڵی دەدا وێنایەکی تری عێراق درووست بکات و دەوڵەتێک لەسەر پروپاگەندە بۆ خەیاڵە ئایدۆلۆجییەکانی بەرجەستە بکات، بە تایبەتی شاری بەغداد زۆرترین گۆڕانکاریی لەسەر ئاستی شوێن و تەلارسازی بە خۆیەوە بینی. شوێنە گشتییەکان بە شێوازێکی تر

---

[5] حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٤٣ لە سووریا وەک حیزبێکی سوسیالیستیی عەرەبی دادەمەزرێت. لەدوای ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٦ ناکۆکی دەکەوێتە نێوان باڵی چەپ و ناسیۆنالیستەکانەوە لە عێراقدا و باڵی ناسیۆنالیستەکان دەسەڵات دەگرنە دەست. لەدوای ساڵانی حەفتاوە حیزبی بەعس زۆر لە بنەماکانی سۆسیالیستی لە دەست دەدات و بەرەو حیزبێکی ڕادیکاڵی ناسیونالیستی کە ئامانجە سەرەکییەکەی یەکێتیی نەتەوەی عەرەبە هەنگاو دەنێت.

[6] حیزبی بەعس لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لە کۆتاییی ساڵانی شەستەوە هەوڵی نمایشکردن و بەرجەستەکردنی فەنتازی و خەیاڵە ئایدۆلۆجییەکانی لە ڕووبەری گشتیدا دەدا. بەڵام لە ساڵانی هەشتاوە دوای ئەوەی کۆتاییی بە پێگەی موعارەزەی سیاسی و دیدە جیاوازەکان لە عێراق هێنا، گوتاری دژ و کۆنترۆڵکردنی بەرهەم هێنا. دیارە ئەم دۆخە دەبێت لەگەڵ سەرەتای درووستبوونی جەنگی عێراق-ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا ببینین. ئەم گۆڕانکارییەی گوتاری حیزبی بەعس کاریگەریی بەسەر هونەری شێوەکارییشەوە هەبوو. لێرەوە هونەرێک درووست بوو کە زیاتر بەرەو پڕۆپاگەندەی ڕەوایەتیدان بەو وتارە سیاسییە کاری دەکرد.

[7] بە شێوەیەک دژایەتیی خۆی بۆ دوژمنەکانی نەتەوەی عەرەبی وەک ئیمپریالیزم و سەهیۆنییەت دەکات (لە کۆتاییشدا بەرانبەر کورد و شیعە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بونیاد نرانەوە و سیمبوڵی تازەیان تێدا جێگیر کرا. لەدوای ساڵانی هەشتاوە هیچ شارێکی تر لە ناوچەکەدا وەک شاری بەغداد ئەوەندە مۆنومێنت و پرۆژەی پەیکەردانان و ئەندازیاریی تێدا جێبەجێ نەکرابوو. بۆ نموونە مۆنومێنتی (المسيرة) لە ساڵی ١٩٨٤ لە لایەن خالید رەححالەوە درووست کرا (وێنەی ژمارە ٣) کە نمایشی حیزبی بەعسی بە شێوەیەک کرد، وەک تاکە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی کە نوێنەرایەتیی هەموو کولتوورە کۆنەکانی مێسۆپۆتامیا و ئیسلامی کردووە. پەیکەری فرۆکەوانی شەهید عەبدوڵلا لەعیبی لە ساڵی ١٩٨٠؛ هونەرمەند سوهەیل ئەلهەنداوی لە ساڵی ١٩٨٠ دوو پەیکەری بۆ ئەحمەد حەسەن بەکر و صەددام حوسەین درووست کرد، هەروەها پەیکەری حاموورابی لە ساڵی ١٩٨٠ لە لایەن موحەممەد غەنی حیکمەتەوە درووست کرا. (وێنەی ژمارە ٤)

| | |
|---|---|
| <br>وێنەی ژمارە ٤<br>محمد غنی حکمت. حامورابي، ١٩٨٠ | <br>وێنەی ژمارە ٣<br>خالد رحال، رێپێوانی حزبی بەعس، ١٩٨٤ |

هەر لە ساڵی ١٩٨١ پەیکەری صەددام حوسەین لە لایەن هونەرمەند میران سەعدییەوە بە ئەنجام گەیشت. (وێنەی ژمارە ٥). لە ساڵی ١٩٨٢ هونەرمەند ئیسماعیل فەتتاح ترک مۆنومێنتی (شەهید)ی دامەزراند. ئەم مۆنومێنتە نموونەی ئەو هەوڵانەیە لەدوای ساڵانی هەشتاوە بۆ دروووستکردنی سیمبوڵی نەتەوایەتی و پرۆپاگەندەی جەنگ بە تایبەتی جەنگی عێراق و ئێران درووست کرا. (وێنەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمارە ٦)[8] هونەرمەند خالید ڕەححال لە ساڵی ١٩٨٣دا مۆنومێنتی (سەربازی ون) و لە دواییشدا لە ساڵی ١٩٨٦ مۆنومێنتی (الخليفة الواثق بدين الله) درووست دەکات. پەیکەری (عبدالوهاب الغريري) ١٩٨٨ لە لایەن موحەممەد غەنی حیکمەتەوە درووست دەکرێت. مونومێنتی (بلاط الشهداء) ١٩٨٨ی هونەرمەند (عبدالجابر النعيمي) و مۆنومێنتی (قوس النصر ١٩٨٩)ی خالید ڕەححال و موحەممەد غەنی حیکمەت، (وێنەی ژمارە ٧)[9] ئەم مۆنومێنتە  وتارێکی زۆر سیاسی و پرۆپاگەندەییی بەرهەم هێناوە. هەر لە درووستکردنی مێژوویەکی موتوربەکراوی دوور لە ڕاستی کە پێوەندیکردنی مێژووی ئیسلامی و مێژووی ئێستای جەنگی عێراق-ئێران پێکەوە گرێ داوەتەوە، ئاماژەکە لەوەدایە کە ئەم جەنگە هەمان جەنگی ئیسلامەکانە بەسەر نەیارەکانیدا بە سەرکردایەتیی صەددام حوسەین. هەروەها ئەم مۆنومێنتە نەک بە تەنها درووستکردنی پەیکەرێکی سیاسییە، بەڵکوو گرنگیدانە بە درووستکردنی ڕۆڵی سەرکردە و سەرۆک کە نوێنەری ڕابردووی نەتەوەی عەرەب و ئیسلام و هەروەها ئێستا و

[8] ئەم مۆنومێنتە نموونەی ئەو هەوڵانەیە کە لەدوای ساڵانی هەشتاوە بۆ درووستکردنی سیمبوڵی نەتەوایەتی و پرۆپاگەندەی جەنگ بە تایبەتی جەنگی عێراق-ئێران دانراوە. ئەوەی لەم مۆنومێنتەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە کە لەو کاتەدا گرنگیدان بە مۆنومێنت لە عێراقدا دەگاتە بەرزترین قۆناغی. هەوڵ دەدرێت مۆنومێنتەکان لەسەر ئاستی جیهانی بناسرێن، بۆ نموونە لە مونومێنتی سەربازی وندا، کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی وەک میسیۆ بوشی جاپانی ئەرکی جێبەجێکاریی بۆ دەردەچێت و بودجەی ١٣١ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان دەکرێت کە وەکوو گرانترین مۆنومێنت لە جیهاندا لە سەردەمی خۆیدا دەستنیشان دەکرێت.

[9] بیرۆکەی ئەم مۆنومێنتە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی عێراق-ئێرانەوە درووست دەبێت، وەک سیمبوڵێک بۆ سەرکەوتن بەسەر هەموو نەیارەکانی لە عێراقدا. بیرۆکەی مۆنومێنتەکە لەوێوە هاتووە کە دوو دەست لە شێوەی دەستی سەددام حوسەین درووست کراوە کە لە بنەڕەتدا دەستی سەددامیان وەک مۆدێل قاڵب کردووە و لەسەر ئەو مۆدێلە دەستەکانیان درووست کردووە. هەروەها شمشێرەکەیش سیمبوڵی ئەو شمشیرەیە کە فەرمانڕەوای سوپای ئیسلام (سەعد بن ئەبی وەققاس) لە جەنگی قادسییەدا لە جەنگی دژ بە فارسەکان بە کاری هێناوە. هەر ئەو شمشێرە و لە ئێستادا بە دەستی سەددام حوسەینەوە ئاڵای وڵاتی عێراقی بەرز کردووەتەوە، کە لەناو خاکی عێراقەوە دێتە دەرەوە و بە دەوریدا کڵاوی ئەو سەربازانە دەبینرێت کە لە جەنگی عێراق-ئێراندا کوژراون.

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داهاتوویشە. ئەم مۆنومێنتە دەکرێت وەک یەکێک لەو نموونانە سەیر بکرێت کە چۆن ڕۆڵی پەیکەر و مۆنومێنت لە دروستکردنی پڕۆپاگەندە سیاسییەکان و ئایدۆلۆژییە حیزبییەکاندا گرنگیی پێ دراوە. هەروەها لە کۆتاییی ساڵانی هەشتادا مۆنومێنتی جەنگاوەری عێراقی (المقاتل العراقی) بۆ هونەرمەندی فەڕەنسی و لە ساڵی ١٩٨٩ دروستکردنی پەیکەر بۆ ئەفسەرە شەهیدەکانی جەنگی عێراق-ئێران لەسەر کۆرنیشی شاری بەسرە جێبەجێ دەکرێت.



وێنەی ژمارە ٦
اسماعیل فەتاح ترک.مۆنومێنتی شەهید،١٩٨٣، بەغداد



وێنەی ژمارە ٥
میران السعدی، سەدام حسێن، ١٩٨١

بە شێوەیەکی گشتی حیزبی بەعس لەدوای ساڵانی حەفتاوە لە لایەک هەوڵی دروستکردنی پاڵەوانی مێژوویی و ئێستایی و خەیاڵی سەرکەوتنی شۆرشی حیزبی دەدا، وێنەیەکی نمایش دەکات کە بەرەو داهاتوو هەنگاوی دەنا (مەحموود،٢٠١٧، ل.٣٤). لە لایەک دەگەڕایەوە بۆ مێژووو و کەلەپوورێکی دیاریکراو "بە بیرۆکەیەکەوە خۆیان بەستبووەوە کە گوزارشتی هونەری و کەلەپوور لە یەک سەنگەردا دەوەستن دژی دوانەی خراپەکاری کە خۆی زەلیلی بۆ ڕابردوو و ترادیشنی خۆرئاواییدا دەبینێتەوە." بەم شێوەیە صەددام حوسەین لە کۆنفرانسێکدا بە ناونیشانی (کەلەپووری بیناسازی و هونەری تەلارسازیی عەرەبیی نوێ) لە ساڵی ١٩٨٠[10] وەسفی دەکات. (مەکیە، ٢٠٠٤، ل.٩٢)

---

[10] لێرەدا دەکرێت بڵێین پێش ئەوەی حیزبی بەعس درووست بێت و گرنگیی بە کەلەپوور و ناسنامەی عەرەبی و ئیسلامی بدات، هونەرمەندان ئەم ڕەهەندە فیکرییانەیان درووست کردبوو. ئەم هەوڵانە لە سەرەتای کارەکانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زیندووکردنەوەی کەلەپوور لە سەردەمی حوکوومڕانیی بەعسدا لەسەر بنەمایەکی ڕەهەندێکی بابەتییانە یان زانستی نەبوو، بەڵکوو کەلەپوور بۆ پرۆپاگەندەی ئایدۆلۆژیی سیاسی بە کار دەهات. زۆر جار لە پرۆسەی نوێژەنکردنەوەدا، شوێنەوارەکان دەستکاری دەکران، بە شێوەیەک کە لەگەڵ دیدی ئێستای بەعسدا بگونجێت. لە نوێژەنکردنەوەدا کۆشکی (نبو خذ نصر) ساڵی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ یان درووستکردنی دەرگای عەشتار بە نیوەی قەبارە گەورەکەی خۆی. (مەکیە، ٢٠٠٤، ل.٩٢) بۆ نموونە نوێژەنکردنەوەی کۆشکی نەبوو خز نەصر بۆ ئەو مەبەستە بوو کە صەددام ڕەچەڵەکی خۆی بگەڕێنێتەوە سەر ئاشورییەکان، چونکە ئاشوورییەکانی بە دژە نەتەوەی جوولەکە دادەنا. لە نوێژەنکردنەوەی ئەم کۆشکەدا هەر وەک چۆن پادشا کۆنەکان ناوی خۆیان لەسەر خشتی دیوارەکان تۆمار کردووە بۆ مێژوو، لە ساڵی ١٩٨٨دا چەند خشتێکی تازە دادەنرێت کە لە ڕێگەی تێکستێکەوە ناوی صەددام حوسەین لەناو مێژووی ئەو کۆشکەی نەبوو خز نەصردا تۆمار دەکرێت (وێنەی ژمارە ٨) کە لەسەر هەر خشتێک بە زمانی عەرەبی نووسراوە: "في عهد القائد المنصور بالله صدام حسين، أعيد بناء هذا القصر الذي كان قد بناه نبو خذ نصر." (الزيباوي، ٢٠١٨)

درووستکردنەوە وێنەیەکی نوێ بۆ کەلەپوور و ڕابردووە لە دیدیکی تایبەتیی حیزبی بەعسەوە خۆی لە خۆیدا سڕینەوەی کەلەپوور و درووستکردنی کەلەپوور و مێژوویەکی تازەیە کە دوورە لە واقیعی کۆمەڵایەتیی عیراق. واقیعێکی مەجازی درووست دەکات و شوێنە گشتییەکان بەم سیمبوڵانە دادەڕێژێتەوە، بیرەوەرییەکی دەستەجەمعیی تازە درووست دەکات بۆ درووستکردنی ناسنامەیەکی گشتی کە لە دیدی حیزبی بەعسەوە بونیاد نرابێت، وەک ناسنامەیەکی نوێ بۆ دەوڵەتی عێراق دابڕێژرێت.

---

جەوواد سەلیمەوە دەبینرێن کە لە دواییدا کاریگەرییان بەسەر زۆرێک لە هونەرمەندانی دوای خۆیانەوە، وەک شاکر حەسەن ئەلسەعید، فایەق حەسەن، لورنا سەلیم، حافض ئەلدروبی، جەمیل مەحمود، موحەممەد سەبری و ئیسماعیل شێخلی و پەیکەرسازەکانی وەک خالید ڕەحال، موحەممەد غەنی حیکمەت و ڕەخنەگری هونەرییش جەبرا ئیبراهیم جەبرا، هەروەها تەلارسازەکانی وەکوو موحەممەد مەکیە و ڕەفعەت ئەلجادری کە سیمایەکی عێراقیی تازەیان وەک "دیدێکی دەستەجەمعی" لای هونەرمەندەکان درووست کرد، لەدوای ساڵانی حەفتاوە بە "ناوی تازەگەری وەک کەلەپوور" بانگەشەیان بۆ دەکرد. (مەکیە، ٢٠٠٤، ل.١٠٢)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە ٨.

نوێژەن کردنەوەی کۆشکی نەبوخوزنەسر. ١٩٨٨



وێنەی ژمارە ٧

خالد رەحال، قوس النصر. ١٩٨٩

## 3.3 ڕۆڵی مۆنومێنت لە درووستکردنی ناسنامەی گشتیدا لە عێراق

دیاردەی مۆنومێنت لە دەوڵەتی عێراقی نوێدا گرنگیی تایبەتیی پێ دراوە و دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە درووستکەری بیرەوەریی گشتیی کۆمەڵگە، لە لایەن دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە پشتگری دەکرێن، چونکە مۆنومێنت بانگەشە بۆ ناسنامەیەکی گشتیی نەتەوەیی دەکات. جا ئەگەر مۆنومێنتێکی پاڵەوانە مێژوویی و سیاسییەکان بێت، یان ڕووداوە مێژووییەکان، هەموویان گوزارشت لە هێمایەکی گشتیی نەتەوەی عێراق دەکەن بۆ ئەو بیرەوەرییە گشتییەی کە کۆیان دەکاتەوە. بەردەوام مۆنومێنت ئەو هەستە گشتییەی درووست کردووە کە دەوڵەتی عێراق خۆی پێوە ناسیوەتەوە.

مۆنومێنت لە پێوەندیدایە لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە تێیدا نمایش کراوە. کاری مۆنومێنت ڕێکخستنی هێما و بەها کولتوورییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە تا بتوانێت نوێنەرایەتیی بیرەوەریی گشتی بکات، بۆیە دەبێت ڕێکخستنی ئەو هێما و بەهایانە هەموو کۆمەڵگە لەسەری کۆدەنگ بن. مۆنومێنت کۆدەنگیی ناوخۆیی بەرانبەر بە بیرەوەریی گشتی درووست دەکات. (Graham et al, 2000, 129 ff)

دانانی مۆنومێنت لە ڕووبەری گشتیدا و سیاسەتی دەوڵەت بۆ دانانی کۆنسێپتی بیرەوەریی گشتی، بە ئامانجی ئەوەی کە کۆمەڵگە بتوانێت وتارێکی گشتیی ناوخۆیی و دەرەکیی هەبێت. ئەم وتارە گشتییە (هۆموگێن) وەک دیدێکی ئایدۆلۆگیی کۆمەڵایەتی لەناو ژیانی ڕۆژانەدا دەبێتە بەشێک لە هوشیاریی گشتی. یەکێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی مۆنومێنت ئەوەیە کە هەوڵ دەدات سیاسەتی یادەوەریی گشتی بە شێوەیەک بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگە سوبجێکتیڤ بکات کە بتوانن ڕوانگەیەکی دیاریکراویان بۆ ڕابردوو و داهاتووی خۆیان هەبێت، ئەمیش لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی بەها و سیمبوڵە

گشتییەکانی کۆمەڵگە لە شوێنە گشتییەکاندا، بۆیە دەبێت ئەم فۆرمانەی کە مۆنومێنت بەرجەستەیان دەکات، وەک سیمبولێکی سیاسی سەیری بکەین کە ئامانجی ئەوەیە دیدێکی گشت و باڵا بۆ کۆمەڵگە دابڕێژرێت. بە مانایەکی تر ئەو بەریەککەوتنەی لە نێوان مۆنومێنت و کەسەکانی کۆمەڵگەدا درووست دەبێت، پێشتر بیری لێ کراوەتەوە و پلانی بۆ دارێژراوە. (Mitchell, 2000, 139f)

لەم ڕوانگەیەوە مۆنومێنت دەبێتە بەشێک لە پرۆسەیەکی بەردەوامی هزری و پراکتیکیی کۆمەڵگە و بەها سیاسی و کولتوورییەکانی دەستنیشان دەکات. ئەم پرۆسەیە لە درووستکردنی بەها گشتییەکان دروست نابێت، ئەگەر دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی نەبێت کە ئەم دیسکۆرسە لە ڕووبەری گشتیدا جێ بکاتەوە، چونکە ئامانجی دانانی مۆنومێنت لەناو شوێنە گشتییەکاندا لە لایەن دامەزراوەکانەوە بۆ دروستکردنی دیسکۆرسێکی گشتییە. ئەم فۆرمانە کە بینەر لە ڕوبەری گشتیدا ناچار دەکات کە لەم دیسکۆرسەدا بەشدار بن. دانانی مۆنومێنت وەک دیسکۆرسێکی گشتی و هۆمۆگین لە ڕووبەری گشتیدا تەنها ئەو کێشەیە درووست ناکات کە چۆن کۆمەڵگەیەک بە هەموو جیاوازییەکانیەوە (هیترۆگین) لە دیسکۆرسێکی گشتیدا لە قاڵب دەدەین و (ناسنامەیەکی گشتی)ی بۆ درووست دەکەین، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە کە ئیدۆلۆگیی ئەم دیسکۆرسە گشتییانە دووبارە و بەردەوام لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنرێتەوە، بێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەییانە دانوستاندنیان لەسەر بکرێت، (Gudehus, 2010, P.180) بۆیە زۆر جار مۆنومێنت وەک پرۆسەیەکی مانوپۆلەیشن سەیر دەکرێت کە لە لایەن نوخبەی باڵادەستەوە بە شێوەیەکی هەڕەمی بەو دەسەڵاتەی کە هەیانە، دەیانەوێت بەها و سیمبوڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک بخەن، چونکە مۆنومێنت لەناو ڕووداوەکانی ڕابردوودا هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن دەکات. بەها بەو ڕووداوانە دەدات کە بە مەبەست لە لایەن دامەزراوە باڵادەستەکانەوە هەڵبژێرراون. هەندێ جار هەڵبژاردنی ئەم بەهایانە زۆر بە ئازادانە ناکرێت. بۆ نموونە لەکاتی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زۆر جار ئەم مۆنومێنتانە دەشکێنرێن و لا دەبرێن و هەندێکیشیان دەمێننەوە و بەردەوامی و کاریگەریی خۆیان دەهێڵنەوە. ئەم دیاردەیە لە عێراقدا لەدوای ٢٠٠٣وە بە ڕاشکاوی بینرا کە چەندان پەیکەر و مۆنومێنت ڕووخێنران. بەڵام بەشێکی زۆر لەو مۆنومێنتانە کە لە ڕژێمی پێشوودا درووست کرابوون، تا ئێستا ماونەتەوە و لەناو دامەزراوە باڵادەستەکاندا و لە کۆمەڵگەدا بەهایان هەیە. بەردەوام وەک بیرەوەریی گشتی خۆیان نمایش دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**دەرئەنجام:**

دیاردەی مۆنومێنت لە دەوڵەتی عیراقی نوێدا گرنگیی تایبەتی پێ دراوە و بووەتە بەشێکی سەرەکی لە دروستکەری وتاری گشتی و بیرەوەریی گشتیی کۆمەڵگە، بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە وتارە شاراوەکانی پشت بەرهەمهێنانی مۆنومێنت لە عێراق تێبگەین، دەبێت لە چەند سیاقێکی جیاوازدا هەڵسەنگاندن و دانوستاندنیان لەسەر بکەین. بۆ نموونە ئەو ئەکتەرانەی کە سیاسەتی بیرەوەریی گشتییان نووسیوەتەوە، چ پاڵنەر و ئامانجێکیان هەبووە؟ چ وتارێک لەپشت ئاڕاستەی ئەم دیدەوە بۆ ڕابوردوو و داهاتوو هەبووە؟ بە چ شێوازێک و لە چ کاتێکدا لەناو ڕووبەری گشتیدا لەبارەی ڕووداوەکان و یادەوەرییەکانەوە قسەیان کردووە؟ چ مێژوویەکیان یاد کردووەتەوە و چ مێژوویەکیان لە بیر کردووە؟ هەروەها لە ئێستادا چۆن لە عێراقدا مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکەین؟ ئایا مانەوەی بەشێک لەو مۆنومێنتانە کە لە ڕابوردوودا بەرهەم هاتوون، لەبارەی سیاسەتی بونیادنانی بیرەوەریی گشتییەوە لە عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣، لە ئێستادا چیمان پێ دەڵێن؟ لێرەوە دەتوانین لە ڕێگەی شیکاری بۆ مێژووی بەرهەمهێنانی مۆنومێنت لە عێراق، دیسکۆرسە دامەزراوەییە باڵادەستەکانی هونەر و کولتوور لە ڕووبەری گشتیدا پەی پێ ببەین و خوێندنەوەی ڕەخنەییانەیان بۆ بکەین. دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین کە چۆن دیسکۆرسەکانی ناو ڕووبەری گشتی بە بەردەوامی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییانەی دیسکۆرسەکان لە سەر بونیادنانی کۆمەڵگە چییە؟

**سەرچاوەکان:**


1. Ludger Alscher. (2002). Lexikon der Kunst. Architektur, bildende Kunst, angewandte Kunst, Industrieformgestaltung, Kunsttheorie, Band V: Mosb-Q, Leipzig 1993.
2. DuMonts Begriffslexikon zur zeitgenössischen Kunst. ed. / Hubertus Butin. 1. ed. Köln : DuMont Literatur und Kunst Verlag,
3. Frank, Schellenberg. (2018). Kultur, Recht und Politik in muslimischen Gesellschaften. Band 37. Eron. Baden Baden
4. Assmann, Jan. (1988). *Kollektives Gedächtnis und kulturelle Identität*. In: Ders./Tonio Hölscher (Hg.): *Kultur und Gedächtnis*. Frankfurt a. M.
5. Nordbruch. (2012). Islam as a ,Giant Progressive Leap
6. Graham, Brian u.a. (2000): *A Geography of Heritage. Power, Culture and Economy*. London/New York.
7. Amatzia, Baram. (1991). *Culture, History and Ideology in the Formation of Ba'thist Iraq, 1968-89*. New York: St. Martin's Press.

8. Mitchell, Don.(2000). *Cultural Geography. A Critical Introduc- tion*. Malden u. A.
9. Christian. Gudehus (Hrsg.) (2010). Gedächtnis und Erinnerung. Ein interdisziplinäres Handbuch. J. B. Metzler‘sche Verlagsbuchhandlung und Carl Ernst Poeschel Verlag GmbH .Stuttgart, Weimar
10. Hölscher, Tonio.(2001). *Die Alten vor Augen. Politische Denk- mäler und öffentliches Gedächtnis im republikani- schen Rom*. In: Gert Melville (Hg.): *Institutionalität und Symbolisierung. Verstetigungen kultureller Ord- nungsmuster in Vergangenheitund Gegenwart.* Köln u. A. 183–211.

11. شاكر لعيبي. (٢٠٠١). *خراقة الخصوصية في التشكيل العربي المعاصر*. مجله ابواب. دار الساقى. لبنان.
12. بلاسم محمود. (٢٠١٧). *عزلة الفن في الثقافة العراقية*. جمعية الفنانين التشكيليين العراقيين.
13. شاكر حسن آل سعيد. (1994) *مقالات في التنظير والنقد الفني* . وزارة الثقافة والعلام، دار الشؤون الثقافية والنشر. عراق
14. شاكر حسن آل سعيد. (١٩٨٣). فصول من تاريخ الحركة التشكيلية في العراق. وزارة الثقافة والإعلام. عراق
15. سمير, الخليل.(١٩٩٢). النصب التذكارية الفن الابتذال والمسؤولية في العراق. دار الساقى.لبنان
16. جبرا ابراهيم جبرا. (١٩٨٦) جذور الفن العراقى. الدار العربية بغداد.العراق
17. كەنعان مەکیە. (٢٠٠٤) کۆماری ترس. دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم. سلێمانی
18. علي طاهر الحمود (٢٠١٢) *العراق من صدمة الهوية إلى صحوة الهويات*. دار الرافدين للطباعة

**والنشر والتوزيع. بغداد**
https://www.neelwafurat.com/itempage.aspx?id=lbb229597-search=books&252606

**1. سناء الموصلي. (٢٠٠٥). التعارض والاندماج بين التأثيرات الأوروبية والتراث الثقافي العراقي في الفنون التشكيلية العراقية بين 1930-1958. الحوار المتمدن.**

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=29514
03.10.2021

2. محمود الزيباوي (٢٠١٨) بابل.. بين نبوخذ نصر و صدام حسين. المدن.
https://www.almodon.com/culture/2018/10/22/%D8%A8%D8%A7%D8%A8%D9%84-%D8%A8%D9%8A%D9%86-%D9%86%D8%A8%D9%88%D8%AE%D8%B0-%D9%86%D8%B5%D8%B1-%D9%88%D8%B5%D8%AF%D8%A7%D9%85-%D8%AD%D8%B3%D9%8A%D9%86، 30.10.2021

------------------------------------------------------------------------------------------------------------

# Monuments and contemporary sculptural art in Iraq from 1921 to 1990

**Shirwan Ali Hamaxan**
Department of Plastic Art, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
canshirwan@gmail.com

***Keywords***: *Sculptura, Monuments, contemporary art, cultural identity, public space*

## Abstract:
Monumental art starts with English colonial rule in Iraq. Monumental art occupies a more prominent swath of public space when the nationalist groups took over power from the 1960s and 1970s. In the two subsequent decades, Iraq dedicated the largest subsidies to creation of public monuments on a global level. These monuments represented public values that emanated from their relations to state institutions. More than any other art medium, monuments are entangled with problematics in Iraq. However, monuments within the literature of art criticism have received the least attention. The objective of this research is to shed light on the hidden narrative behind the production of monuments in contemporary sculpture practices. This aims at opening dialogue on the main perspectives of the intellectual and political elite on cultural identity in Iraq.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) –ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# النصب التذكاري و النحت المعاصر في العراق بين عامي 1921 و 1990

**الملخص**

بدأ الاهتمام بالنصب التذكارية في العراق في مطلع القران العشرين مع بدأ الاحتلال الانكليزي للمنطقة، و بعد سنوات الستين و السبعينات للقرن العشرين و مع ازدياد دور المجموعات الناشيونالستية بدأت المساحات العامة تتوسع بصورة عامة لهذا الغرض، الى سنوات الثمانينات حتى التسعينات تبدأ تخصص لها ميزانيات ضخمة لبناء النصوص التذكارية في العراق على مستوى العالمp/.

كان تلك النصب التذكارية ذات صلة وثيقة بخصال و الترابط المجتمعي للعراق و كانت شاهدة في المساحات العامة و كانت ضخمة و على صلة مباشرة مع السلطة الحاكمة، و دائماً ما كانت تلك النصب التذكارية في العراق هي من اكثر الاعمال الفنية التي تحمل الاشكاليات الكبرى.و لاكن لم يناقش بشكل واضح و دقيق و بصورة نقدية بهذا الخصوص. الهدف من هذا البحث هو أظهار الرسالة (الخطاب) السري المكنون خلف هذه النصب التذكارية لعصر فن النحت الحديث في العراق و افساح المجال للمفاوضات حول الرؤى الأساسية للنخب الثقافية و السياسية في العراق من حيث موضوع الثقافة.